بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ (1)

سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرة) بدە، ئەم ئایەتانەی (لەم سورەتەدا هەیە بەشێکە لە) قورئانی پڕ لە دانایی.

أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَا إِلَى رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ النَّاسَ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُواْ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ قَالَ الْكَافِرُونَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ مُّبِينٌ (2)

ئایا هیچ سەرسوڕمانێکی بۆ خەڵکی تیایە کە ئێمە (یەکێك لە خۆیان هەڵبژێرین) وەحی و نیگای بۆ ڕەوانە بکەین کە: خەڵکی بێداربکەرەوەو دایانچڵەکێنە (تا خواناس و خواپەرست بن)، وە مژدە بدە بەوانەی کە باوەڕ دێنن بەوەی کە پلەو پایەی بەرزو بڵندیان لەلای پەروەردگاریان بۆ ئامادەیە، کەچی کافران دەڵێن: بەڕاستی ئەم (محمد ناوە) جادوگەرێکی ئاشکرایە!.

إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُدَبِّرُ الأَمْرَ مَا مِن شَفِيعٍ إِلاَّ مِن بَعْدِ إِذْنِهِ ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ (3)

بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروست کردووە لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستا (زانستی پەروەردگارو چۆنیەتی ئەو وەستانە، بە بیروهۆشی سنوورداری ئێمە دەرک ناکرێ و لێی تێناگەن)، هەر خۆیشی پلانی هەموو شتێکی داناوەو هەموو شتێکی ڕێکخستووە، هیچ کەس نیە شەفاعەتخواز و تکاکار بێت مەگەر دوای مۆڵەتدانی ئەو زاتە، هەر ئەویشە خوای پەروەردگارتان، هەر ئەو بپەرستن، ئایا ئەوە بۆچی یاداوەری وەرناگرن؟!.

إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا وَعْدَ اللّهِ حَقًّا إِنَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ (4)

گەڕانەوەی هەر هەمووتان بۆلای ئەو زاتەیە، بەڵێنی خوا هەمیشە ڕاستە و دروستە و دێتەدی، بەڕاستی هەر خۆی سەرەتا دروستکراوان بەدی دەهێنێ، دواییش وەک خۆیان لێ دەکاتەوە (تا لە قیامەتدا) پاداشتی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، بە دادپەروەری ئەنجام بدات ئەوانیش کە کافرو بێ باوەڕن خواردنەوەی لە کوڵ و سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە لە سەرئەنجامی بێ باوەڕیاندا.

هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاء وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (5)

خوا ئەو زاتەیە کە خۆری کردووە بە سەرچاوەی ڕووناکی پرشنگدار، مانگیشی کردووە بە سەرچاوەی ڕووناکی پرشنگدار، مانگیشی کردووە بە سەرچاوەی ڕووناکی، جێگەی هەڵهاتن و ئاوابوونی مانگی دیاری کردووە (جگە لەوەی هەر شەوە بە شێوەیەك خۆی دەنوێنێ) تا بیکەنە بنەمای ساڵژمێری و حساب ڕاگرتن، بێگومان) خوای گەورە ئەو شتانەی بە هەوانتە دروست نەکردووە، بەڵکو هەمووی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی بەدی هێناوە، (بەو شێوەیە) ئەو زاتە ئایەت و (معجزة)کانی ڕوون دەکاتەوە بۆ کەسانێك کە بزانن و تێبگەن.

إِنَّ فِي اخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَّقُونَ (6)

بەڕاستی لە جیاوازی شەوو ڕۆژو ئەو شتانەدا خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا دروستی کردوون، بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێ کە لە خوا بترسن و دیندار بن.

إِنَّ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءنَا وَرَضُواْ بِالْحَياةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّواْ بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ (7)

بەڕاستی ئەوانەی کە نایانەوێ ڕووبەڕووی ئێمە ببنەوە و (باوەڕیان پێی نیە، ڕازین بە ژیانی دنیاو پاڵیان پێوە داوە و دڵیان پێ خۆش کردووە، وە ئەوانە غافڵن لە بەرانبەر ئایەت و (معجزة)کانی ئێمەوە (سەرنجی نادەن و بیری لێ ناکەنەوە).

أُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمُ النُّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ (8)

ئەوانە شوێنەواریان دۆزەخە بەهۆی کارو کردەوەی (ناپەسەندیانەوە).

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ (9)

بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کار و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، پەروەردگاریان بەهۆی ئیمان و باوەڕی (ڕێك و پێك و دامەزراویانەوە) هیدایەت و ڕێنموییان دەکات (بۆ ئەنجامدانی هەموو کارو کردەوەیەکی چاك) (لەو جیهانیش) چۆگەو ڕووبار بە بەردەمیاندا دەڕوات و (دیمەنێکی دڵفرێنی هەیە) لەناو بەهەشتە جۆراوجۆرە پڕ لەنازو نیعمەتەکاندا (ئەوپەڕی ژیانی پڕ لە خۆشیی و شادیی و کامەرانیی دەبەنە سەر).

دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (10)

دۆعاو نزایان (لە بەهەشتی بەریندا)، (ئەمەیە): پاکی و بێگەردی و ستایش شایستەی تۆیە، ئەی پەروەردگاری ئازیز، ئەی خوای میهرەبان (لەوە دەچێ هەر داخوازییەکیان هەبێ بە وتنی ئەم دوو وشە پیرۆزە جێبەجێ ببێ) چاك و چۆنیشیان سەلام کردنە (بەڕووی خۆش و بە شێوەیەکی شیرین)، دواهەمین گوفتاریان دوای هەموو نازو نیعمەتێك، دوای هەموو بەخششێك ئەوەیە کە پڕ بەدڵ، لەناخی دەروونیانەوە دەڵێن: الحمد لله رب العالمين.

وَلَوْ يُعَجِّلُ اللّهُ لِلنَّاسِ الشَّرَّ اسْتِعْجَالَهُم بِالْخَيْرِ لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ فَنَذَرُ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءنَا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (11)

ئەگەر خوا بە پەلە خەڵکی توشێ شەڕو ناخۆشی بکات (لەسەر داخوازی خۆیان کاتێ کە تەنگەتاو دەبن) هەروەکو چۆن بۆ داخوازی خێر پەلەیانە، هەرهەمووان کۆتایی بە ژیانیان دەهات (بەڵام خوای گەورە وا ناکات، بەڵکو دەفەرموێت:) ئەوانەی کە نایانەوێت و ئێمە ببنەوەو باوەڕیان پێی نیە، ماوەیەک وازیان لێ دێنین تا لە ستەمیاندا ڕۆبچن.

وَإِذَا مَسَّ الإِنسَانَ الضُّرُّ دَعَانَا لِجَنبِهِ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَا إِلَى ضُرٍّ مَّسَّهُ كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (12)

هەرکاتێك ئادەمیزاد (ئەوانەیان کە باوەڕ لە دەروونیاندا بە چاکی نەچەسپیوە) توشی ناخۆشی و زیانێك هات، هاناو هاوار بۆ ئێمە دێنێت (بە ڕاشکاوانە بێت)، یا بە دانیشتنەوە، یا بە پێوە، بەڵام کاتێ کە زەرەرو زیانەکەی لێ دوور دەخەینەوەو دەکەوێتەوە باری ئاسایی، هەروا دەڕوات بە ڕێداو بارودۆخی ئەوسای فەراموش دەکات، هەروەک (ڕۆژێ لە ڕۆژان) هاواری لە ئێمە نەکردبێت و لە ئێمە نەپاڕابێتەوە تا ناخۆشیی و زەرەری لێ دووربخەینەوە، ئا بەو شێوەیە کارو کردەوەی نادروستی لە سنوور ترازاون و لە خوا بێ خەبەران ڕازێنراوەتەوە.

وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ (13)

بێگومان ئێمە لە سەدەکانی پێش ئێوەدا خەڵکێکی زۆرمان لەناو بردووە کاتێ کە لە ستەمکردندا ڕۆچوون، هەرچەندە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی زۆرەوە لەناویاندا ژیان و پەیامی خوایان پێ ڕاگەیاندن کەچی ئەو (خەڵکە گومڕایە) بڕوایان نەکردو ئیمانیان نەهێنا، (ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندن) هەر بەو شێوەیە تۆڵە لە قەوم و کەسانی تاوانبار دەکەینەوە.

ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلاَئِفَ فِي الأَرْضِ مِن بَعْدِهِم لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ (14)

پاشان ئێمه ئێوه‌مان كرده جێنشین له زه‌ویدا له‌دوای له‌ناوبردنی ئه‌وان، تا ببینین ئێوه چی ده‌كه‌ن و چۆن ده‌كه‌ن!!

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِن تِلْقَاء نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (15)

كاتێك كه ئایه‌ته‌كانی قورئانی ئێمه به ڕوون و ئاشكرا به‌سه‌ریاندا ده‌خوێنرێته‌وه، ئه‌وانه‌ی كه نایانه‌وێ ڕووبه‌ڕووی ئێمه ببنه‌وه و به دیداری ئێمه شادبن ده‌ڵێن: قورئانێكی جگه له بێنه‌و بیخوێنه‌ره‌وه، یان بیگۆڕه (به شێوه‌یه‌كی تر)، پێیان بڵێ: من ناتوانم له خۆمه‌وه بیگۆڕم، من ته‌نها شوێنی ئه‌وه ده‌كه‌وم كه به وه‌حی پێم ده‌گات، به‌ڕاستی من ده‌ترسم ئه‌گه‌ر یاخی بم له په‌روه‌ردگارم و نا فه‌رمانی بكه‌م گیرۆده‌ی سزای ڕۆژێكی زۆر سه‌خت ببم.

قُل لَّوْ شَاء اللّهُ مَا تَلَوْتُهُ عَلَيْكُمْ وَلاَ أَدْرَاكُم بِهِ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (16)

پێیان بڵێ (ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر) ئه‌گه‌ر خوا بیویستایه قورئانم به‌سه‌ردا نه‌ده‌خوێندنه‌وه‌و ته‌مه‌نێكی دوورو درێژم له‌ناوتانا به‌سه‌ر بردووه (بێ ئه‌وه‌ی وشه‌یه‌ک له‌م قورئانه بڵێم) كه‌واته (كه‌سێكی نه‌خوێنده‌وار تا ته‌منه‌ی چل ساڵی هیچ نه‌ڵێ، به‌مه‌رجێك ناوبانگی ده‌ركردبێت به ڕاستگۆیی و ئه‌مینداری، له چل ساڵی به‌دواوه ئه‌م قورئانه ڕێك و پێكه ڕابگه‌یه‌نێت، ئایا ڕه‌وا نیه هه‌ركه‌س ده‌یبیستێت خێرا بڕوا به نێره‌ری قورئان و ئه‌و كه‌سه‌ش كه بۆی ڕه‌وانه‌كراوه ببینێت؟).

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ (17)

جا كێ له‌وه سته‌مكارتره كه درۆ به‌ده‌م خواوه هه‌ڵبه‌ستێت، یاخود ئایه‌ته‌كانی به‌درۆ بخاته‌وه، به‌ڕاستی تاوانباران سه‌رفه‌راز نابن.

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (18)

(بێ باوەڕان وخوانەناسان) شتێك دەپەرستن لەجیاتی خوا کە نە زەرەریانی بەدەستەو نە قازانج، بەمەرجێك دەشڵێن: ئا ئەم (بت و شتانە) شەفاعەت خوازمانن (لە قیامەتدا) لای خوا، پێیان بڵێ: باشە ئایا ئێوە هەواڵێک دەدەن کە لە ئاسمانەکان و زەویدایەو خوا نایزانێت؟! پاکیی و بێگەردیی و ستایش و پایە بڵندیی شایستەی ئەو زاتەیە (کە ئەو نەفامانە) شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.

وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلاَّ أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُواْ وَلَوْلاَ كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (19)

خەڵکی (لە سەرەتایی پەیدابوونیاندا) یەکپارچە بوون، یەك ئاین بوون، یەك بیرو باوەڕ بوون، بەڵام کە زەمان تێپەڕی و زۆر بوون و لە سەرچاوەی نووری پێغەمبەرایەتی دوورکەوتنەوە ناکۆکی و جیاوازی لە نێوانیاندا پەیدا بوو، خۆ ئەگەر بڕیاردادەی پێشتر لەلایەن پەروەردگارەوە نەبوایە دادپەروەری (هەر لە دنیادا ئەنجام دەدرا و حەق و ڕاستی ڕوون دەکرایەوە) لەو شتانەدا کە کێشەو جیاوازیان لەسەری هەیە.

وَيَقُولُونَ لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَقُلْ إِنَّمَا الْغَيْبُ لِلّهِ فَانْتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ (20)

(هەروەها بێ باوەڕان) دەڵێن: خۆزگە (معجزة)یەکی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ دادەبەزی (لە وەڵامیاندا) بڵێ: (معجزة و ئەو جۆرە شتانە نهێنی و شاراوەن)، نهێنی و شاراوەکانیش تەنها بەدەست خوایە، ئێوە چاوەڕێ بن، منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ دەبم (بزانین بڕیاردادەی خوا چی دەبێت).

وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً مِّن بَعْدِ ضَرَّاء مَسَّتْهُمْ إِذَا لَهُم مَّكْرٌ فِي آيَاتِنَا قُلِ اللّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ (21)

هەرکاتێک خەڵکی دوای ناخۆشیەك کە بۆیان پێش دێت لە ڕەحمەت و بەخششی خۆمان بەهرەوەریان دەکەین، دەست دەکەن بە پیلان گێڕان دژی (ئاین) و ئایەتەکانی ئێمە، پێیان بڵێ: با بزانن کە نەخشەو پیلانی خوا خێراترە (لە نەخشەو پیلانی ئەوان)، بەڕاستی فریشتەکانمان هەموو پیلان و فێڵێکتان تۆمار دەکەن.

هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُواْ بِهَا جَاءتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّواْ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُاْ اللّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنِّ مِنَ الشَّاكِرِينَ (22)

هەر ئەو زاتەیە کە لە وشکانی و دەریاندا هاتوچۆتان پێ دەکات (بەجۆرەها هۆکار)، جا ئەو کاتەی کە لە کەشتیەکەدا دەبن، وە باو شەماڵێکی ئارام لەسەرخۆ کەشتیەکە بەڕێوە دەبات و هەموان دڵخۆشن، کوت و پڕ بایەکی توند و بەهێز و سەخت بەرەو کەشتیەکە هەڵکات، لە هەموو لایەکەوە شەپۆل بۆیان بچێت، ئیتر دڵنیا بن کە دەورە دراون و (ڕزگار بوونیان ئەستەمە، ئالەو کاتەدا خەڵکەکە بە سۆزەوە) هاناو هاوار بۆ خوا دەبەن، (دڵنیان خوا نەبێت کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت)، بیرو باوەڕو ئاینیان بە تەواویی پاک و پوخت دەبێتەوە، تەنها هەر زاتی خوا بە سەرچاوەی ئایین دەزانن، (بەسۆزەوە دەڵێن: خوایە هەر لەم بەڵایە، لەم تەنگانەیە، ڕزگارمان بکەیت، بەڕاستیی دەچینە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە.

فَلَمَّا أَنجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَى أَنفُسِكُم مَّتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَينَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (23)

کەچی کاتێك کە ڕزگاریان دەکەین، ئەوانە بەناحەق دەست دەکەنەوە بە ستەمکاری لە زەویدا، ئەی خەڵکینە ئەو ستەمەی کە دەیکەن یەخەی

خۆتان دەگرێتەوەو بەزەرەری خۆتان تەواو دەبێت، (ئێوە) ژیانی دنیا بەسەر دەبەن کە ڕابواردنێکی کەمە، لەوەودوا گەڕانەوەتان بۆلای ئێمەیەو ئەوسا هەواڵی هەموو کاروکردەوەکانتان پێ ڕادەگەیەنین.

إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاء فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالأَنْعَامُ حَتَّىَ إِذَا أَخَذَتِ الأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالأَمْسِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (24)

نموونەی ژیانی ئەم دنیایە هەر لەو بارانە دەچێ کە لە ئاسمانەوە دایدەبەزێنین و بەهۆیەوە ڕووەکی زەوی گەشە دەکات و زۆر دەبێ و (بەرووبوومی خۆی پێشکەش دەکات) لەو شتانەی کە هەم خەڵکی و هەم ئاژەڵیش لێی دەخۆن. هەتا وای لێدێت زەوی بە جوانیی، نەخش و نیگاری خۆی دەردەخات و خۆی دەڕازێنێتەوە، خەڵکی وا گومان دەبەن کە ئیتر دەسەڵاتی تەواویان هەیە بەسەریدا، (ئا لەو کاتەدا کە خەڵکی خراپ و غافڵ و دڵیان بە دنیا خۆشە) فەرمانی ئێمەی پێ دەکرێ لە شەودا یا لەڕۆژدا وەك دروێنەکراوێکی لێ دەکەین، هەروەکو دوێنێ نەبووبێت، ئا بەو شێوەیە ئایەتەکانی خۆمان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێک کە بیر بکەنەوە و تێفکرن (وا دیارە لە کۆتایی زەمانەدا پێشکەشی زانستی دەگاتە ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتوو، وە خەڵکی ئەو کاتە زۆر غەڕا دەبن، بەڵام لە پڕێکدا خوای گەورە کۆتایی بە هەر هەمووی دێنێ).

وَاللّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلاَمِ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (25)

جا خوا بانگەواز دەکات بۆ بەهەشتی پڕ لە شادیی و ئاشتی و ئاسایش، هەرکەسێ بیەوێ ڕێنموویی دەکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست.

لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ وَلاَ يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلاَ ذِلَّةٌ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (26)

بۆ ئەوانەی کە چاکەیان کردووە، پاداشتی چاک، (بەهەشتی بەرین) و زیاتریش ئامادەیە (لە ڕیوایەتێکدا کە پێشەوایان ئەحمەد و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، ئەو زیاترە تەماشاکردنی ڕوخساری پڕ لە نوورو قەشەنگی زاتی پەروەردگارە)، بێگومان ڕووخساریان ڕەشی و تاڵیی و زەلیلیی و ماندوێتی پێوە دیار نیە، ئەوانە نیشتەجێی بەهەشتن و بۆ هەمیشە ژیانی تیادا دەبەنە سەر.

وَالَّذِينَ كَسَبُواْ السَّيِّئَاتِ جَزَاء سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَّا لَهُم مِّنَ اللّهِ مِنْ عَاصِمٍ كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِّنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (27)

ئەوانەش کە گوناهو تاوانیان ئەنجام داوە (هەرچەندە) پاداشتی هەر گوناهو تاوانێک بەقەدەر خۆی دەدرێتەوە (بەڵام هەندێک ئەوەندە تاوانبارن) خەجاڵەتیی و سەرشۆڕیی و ڕووڕەشی ماندووی کردوون، کەس نیە پەنایان بدات (لە خەشم و قینی) خوا، ئەوەندە ڕووڕەشن هەر دەڵێی پارچەیەك لە شەوی تاریك ڕوخساری داپۆشیون، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن وە بۆ هەمیشە ژیان لەناویدا دەبەنە سەر.

وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُواْ مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَآؤُكُمْ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ (28)

ڕۆژێک دێ هەر هەموو خەڵکی کۆدەکەینەوە (بۆ لێپرسینەوە)، ئەوجا بەوانە دەڵێین: کە شەریك و هاوەڵیان بۆخوا بڕیار داوە: خۆتان و ئەو شتانەی کە دەتانپەرست، لەجێی خۆتان بوەستن و مەجوڵێن (ئەوسا موشریکەکان لەبەرانبەر پەرستراوەکانیاندا ڕادەگرین) و بت و پەرستراوەکان (خوا دەیانهێنێتە قسەو بەیەک دەنگ) دەڵێن: (ئێمە ئێوە ناناسین) کەی ئێوە ئێمەتان پەرستووە!!

فَكَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ (29)

بێگومان هەر خواش بەسە کە شایەت بێ لە نێوان ئێمەو ئێوەدا (دڵنیابن هەرگیز) ئێمە ئاگامان لە پەرستن و (پاڕانەوەی) ئێوە نەبووە.

هُنَالِكَ تَبْلُو كُلُّ نَفْسٍ مَّا أَسْلَفَتْ وَرُدُّواْ إِلَى اللّهِ مَوْلاَهُمُ الْحَقِّ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (30)

ئا لەوێدا (لە گۆڕەپانی مەحشەرو لێپرسینەوەدا) هەموو كەس سەرئەنجامی كارو كردەوەی ڕابردووی هەست پێ دەكات و دەیچێژێ، هەموان دەگەڕێندرێنەوە بۆلای خوا، خاوەنی ڕاستەقینەو پەروەردگاری حەق، هەرچیەكیش بە ناحەق دەیانپەرست و پێی خەڵەتابوون، ون دەبێت و لەناو دەچێت.

قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ (31)

(ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ): كێ هەیە لە ئاسمانەوە (بەهۆی تیشك و بارانەوە) وە لە زەویەوە (بەهۆی خاك و ئاو و هەواوە) ڕزق و ڕۆزیتان بۆ فەراهەم بێنێ و پێتان ببەخشێ، ئەی كێ هەیە خاوەنی دەسگاكانی بیستن و بینین بێت (وە توانای بیستن و بینینتان پێ ببەخشێت) ئەی كێ زیندوو لە مردو دەردێنێ، وە مردوو لە زیندوو دەردێنێ، كێیە كە هەموو كارو فرمانەكان جێبەجێ دەكات و تاووتوێیان دەكات (لەبەرانبەر ئەو هەموو پرسیارانەوە) دەڵێن: الله، خوا كەواتە پێیان بڵێ: ئایا ناترسن لەسەرئەنجامی یاخی بوونتان، ئایا پارێزكار نابن؟!

فَذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ (32)

(جا ئیتر دڵنیا بن هەر ئەو زاتەیە) پەروەردگاری ڕاست و دروستان، (باشە) دوای حەق و ڕاستی چێ هەیە جگە لە گومڕایی و سەرگەردانی، (ئیتر ئێوە بۆ بیر ناكەنەوە) ڕوو دەكەنە كوێ، ڕوو دەكەنە كێ، بۆ كوێ دەچن؟!

كَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ فَسَقُواْ أَنَّهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (33)

ئا بەو شێوەیە (چونکە لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگەیەدا تاوانبارن هەر سەرکەشیی دەکەن) بڕیاری پەروەردگارت لەسەر ئەوانەی کە تاوانکارن بڕاوەتەوە کە ئەوانە هەر ئیمان و باوەڕناهێنن.

قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ قُلِ اللّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ (34)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا لەو شتانەی کە ئێوە لەجیاتی خوا (دەیپەرستن) کەسێ هەیە کە بتوانێ شتێك دروست بکات، یا ئەگەر دروستی کردوو دوایی نەما ئایا دەتوانێ سەرلەنوێ بیهێنێتەوە کایە؟! ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تۆ هەر بڵێ: هەر خوا (ئەو کارانە دەتوانێ) هەر ئەو دەتوانێ لەسەرەتاو نەبوونەوە خەڵکی و هەموو شت دروست بکاو لەوەودوا دووبارەی بکاتەوە، ئیتر چۆن و بەرەو کوێ خۆتان وێڵ و سەرگەردان دەکەن.

قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ قُلِ اللّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّ أَفَمَن يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لاَّ يَهِدِّيَ إِلاَّ أَن يُهْدَى فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ (35)

هەروەها پێیان بڵێ: ئایا کەسێ، یا شتێ هەیە لەوانەی کە دەیپەرستن هیدایەت و ڕینمویی بکا بۆ ڕێبازی حەق و ڕاستی (بێگومان نەخێر)، (باشە) کەواتە: پەیڕەوی زاتێک ڕەوایە کە ڕێنموویی بۆ حەق و ڕاستی بکات، یا پەیڕەوی شتێك یا کەسێك کە هیچ ڕێنموویەك نازانێت؟ چونکە خۆیشی دەبێت دەستی بگیرێت و ڕێنموویی بکرێت، (کەواتە ئیتر ئێوە شوێنی چێ کەوتوون) چ فەرمانێ دەدەن و چ بڕیارێکی ناڕەوا دەردەکەن (ئەگەر جگە لەبەرنامەی خوا شوێنی بەرنامەو ڕێبازێکی تر بکەون).

وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلاَّ ظَنًّا إَنَّ الظَّنَّ لاَ يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ عَلَيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ (36)

زۆربەی ئەوان شوێنی گومان و خەیاڵات کەوتوون، گومان و خەیاڵاتیش هەرگیز جێگەی حەق ناگرێتەوە، بەڕاستی خوا زانایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَمَا كَانَ هَذَا الْقُرْآنُ أَن يُفْتَرَى مِن دُونِ اللّهِ وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لاَ رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (37)

وەنەبێت ئەم قورئانە لەلایەن کەسێکەوە ڕەوانەکرابێت و داڕێژرابێت جگە لە خوا، ڕاستی و ڕەوانی کتێبە ئاسمانیەکانی پێش خۆشی دووپات دەکاتەوە، هەروەها ڕوونکەرەوەی بیروباوەڕو ئەرکەکانە، بەڕاستی هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەوە ڕەوانە کراوە.

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (38)

(لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا ئەوانە) دەڵێن کە (محمد صلى الله عليه وسلم قورئانی) داناوە، بڵێ: دە ئێوەش سورەتێك وەك سورەتەکانی داڕێژن، داوا لە هەر کەسێکی تر دەکەن جگە لەخوا (کە یارمەتیتان بدات) دریغی مەکەن ئەگەر ڕاست دەکەن.

بَلْ كَذَّبُواْ بِمَا لَمْ يُحِيطُواْ بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ (39)

ئەوانە شتێک بەدرۆ دەخەنەوەو بڕوای پێ ناکەن کە هیچ دەربارەی نازانن، لەکاتێکدا کە هێشتا گەلێك لەو شتانەی کە لێی دواوە پێش نەهاتووە، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمان بەرنامەی خوایان بەدرۆ خستەوە، دە تەماشا بکەو سەرنج بدە سەرئەنجامی کافران بەرەو کوێ ملی نا.

وَمِنهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِ وَمِنْهُم مَّن لاَّ يُؤْمِنُ بِهِ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ (40)

لەو خەڵکەدا کەسانێ هەن ئیمان وباوەڕیان بە قورئان هەیەو، هەیشە ئیمان و باوەڕی پێی نیە، بێگومان پەروەردگارت خۆی تاوانباران و گوناهکاران چاک دەناسێت.

وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُمْ بَرِيئُونَ مِمَّا أَعْمَلُ وَأَنَاْ بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ (41)

ئەگەر هەر بە درۆیان خستیتەوە، پێیان بڵێ: کارو کردەوەی خۆم بۆ خۆم و کارو کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان، ئێوە بەرین و لێپرسراو نین لە هەرچی من دەیکەم، منیش بەریم و لێپرسراو نیم لەهەرچی ئێوە دەیکەن.

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ وَلَوْ كَانُواْ لاَ يَعْقِلُونَ (42)

(لەو بێ باوەڕانە) کەسانێ هەیە گوێ هەڵدەخات (کاتێ کە قورئان دەخوێنیت، بەڵام ئایا تۆ دەتوانیت قسەو گوفتاری خۆت بدەی بە گوێی کەسێکدا کە کەڕەواڵەیەو هیچ تێناگا و عەقڵی ناخاتە کار).

وَمِنهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تَهْدِي الْعُمْيَ وَلَوْ كَانُواْ لاَ يُبْصِرُونَ (43)

هەشیانە سەرنجی تۆ دەدات و لە هەڵسوکەوت و گوفتار و ڕەفتاری تۆ ورد دەبێتەوە، بەڵام ئایا تۆ هیدایەتی کوێرو نابینا دەدەیت؟! ئەگەر کوێراییان داهاتبێت و نەبینن؟! (دیارە کە ئەوانە دڵیان کوێرەو دەرونیان تاریکەو نایانەوێت ئیسلام دڵ و دەرونیان ڕووناک بکاتەوە).

إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَكِنَّ النَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (44)

بەڕاستی خوا هیچ جۆرە ستەمێك ناكات، بەڵكو خەڵكی خۆیان ستەم لە خۆیان دەكەن.

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُواْ إِلاَّ سَاعَةً مِّنَ النَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَاء اللّهِ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ (45)

ڕۆژێك دێت خوا هەرهەموانیان کۆ دەکاتەوە، هەروەک تەنها سەعاتێك لە ڕۆژیان پێ چووبێ (لە جیهانی بەرزەخ دا) هەمووان (بەتایبەتی خزمان و ناسیاوان) یەکتر دەناسنەوە، بێگومان ئەوانەی کە بڕوایان نەبوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی خوا خەسارەتمەندی و زەرەرمەندیەکی زۆر ڕوویان تێ دەکات، بەڕاستی ئەوانە هیدایەت دراو نین.

وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ اللّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ (46)

خۆ ئەگەر هەندێ لە هەڕەشەکانی خۆمان (بۆ خوانەناسان) پێش بێنین و نیشانی تۆی بدەین، یاخود گیانت بکێشین پێشتر، ئاکامیان نەبینی، ئەوانە گەڕانەوەیان بۆلای ئێمەیەو (لە دەستمان دەرباز نابن)، لەوەودواش خوا خۆی شایەتە لەسەر هەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَاء رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (47)

هەر قەوم و گەلێک پێغەمبەرێکی (بۆ ڕەوانە کراوە)، کاتێ کە (لە گۆڕەپانی مەحشەردا) ئەو پێغەمبەرەیان ئامادە دەبێ، لەسەر بنچینەی دادپەروەری داوەری دەکرێ لەنێوانیاندا‌و هیچ جۆرە ستەمێکیان لێ ناکرێت.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (48)

(بێ باوەڕان) دەڵێن: کوا، کەی ئەو بەڵێنە پێش دێت؟ کەی ڕۆژی قیامەت بەرپا دەبێت؟! ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.

قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاء أَجَلُهُمْ فَلاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ (49)

پێیان بڵێ: (من تەنها پێغەمبەرم) توانای ئەوەشم بەدەست نیە کە زەرەرێك یا قازانجێک بەخۆم بگەیەنم هەتا ویستی خوای لەسەر نەبێت،

هەموو قەومێك كاتی دیاریكراوی هەیە بۆ كۆتایی هاتنی، هەركاتێ ئەو ساتە گەیشت نە تاوێک دوا دەكەون، نە ساتێك پێش دەكەون.

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُهُ بَيَاتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ الْمُجْرِمُونَ (50)

پێیان بڵێ: باشە ئەگەر سزاو تۆڵەی خوا لە شەوگاردا یا لە ڕۆژگاردا یەخەی پێ گرتن، تاوانباران (چییان دەست دەكەوێ؟) ئاخۆ بۆچێ پەلە دەكەن.

أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ آمَنْتُم بِهِ آلآنَ وَقَدْ كُنتُم بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ (51)

باشە ئایا كە (قیامەت) ڕوویدا، باوەڕی پێ دێنن؟!، ئەوسا پێیان دەوترێت ئێستا باوەڕی پێ دێنن؟! خۆ كاتی خۆی (بەگاڵتە پێ كردنەوە) پەلەتان دەكرد لەپێشهاتنی و (بڕواتان پێی نەبوو).

ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذُوقُواْ عَذَابَ الْخُلْدِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلاَّ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ (52)

ئەوجا بە ستەمكاران دەوترێت: دەبچێژن سزاو ئازاری نەبڕاوە، مەگەر پاداشتان لەبەرانبەری كارو كردەوەو هەوڵەكانی خۆتان نیە؟!

وَيَسْتَنبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ وَمَا أَنتُمْ بِمُعْجِزِينَ (53)

(كافران بە گاڵتەوە لێت دەپرسن) بەڕاست (بەرپابوونی قیامەت) ڕاستە؟ (شتی وا پێش دێ؟!) بڵێ: بەڵێ ڕاستە سوێند بە پەروەردگارم ئەوە حەقیقەتێكەو (هەر پێش دێت و) ئێوە لە دەستی دەرباز نابن.

وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الأَرْضِ لاَفْتَدَتْ بِهِ وَأَسَرُّواْ النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُاْ الْعَذَابَ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (54)

ئەگەر هەرچی لەسەر زەویدا هەیە كەسێكی ستەمكار خاوەنی بێت (لە قیامەتدا) ئامادەیە هەر هەمووی بكاتە قوربانی خۆی و بیبەخشێ، ئەوانە لە دەروونەوە زۆر پەشیمانن كاتێ كە سزاو ئازاری (چاوەڕوان

نەكراو) دەبینن، ئەوسا داوەری لەنێوانیاندا لەسەر بنچینەی دادپەروەری ئەنجام دەدرێت، وە ئەوانە هیچ جۆرە ستەمێكیان لێ ناكرێت.

أَلا إِنَّ لِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَلاَ إِنَّ وَعْدَ اللّهِ حَقٌّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (55)

(خەڵكینە) ئاگادار بن و (بیرتان نەچێت) كە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە هەر هەمووی خوا خاوەنیانە، ئاگاداربن كەبەڵێنی خوا ڕاست و دروستە (قیامەت بەرپا دەكات و پاداشت و سزا لەسەر بنچینەی ئیمان و كردەوە دیاری دەكات) بەڵام زۆربەی (خەڵكی) لەم راستیە بێ ئاگان و نایزانن.

هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (56)

هەر ئەو خوایەیە كە ژیان دەبەخشێت و مردن پێش دێنێت، گەڕانەوەشتان هەر بۆلای ئەو زاتەیە.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاء لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ (57)

ئەی خەڵكینە دڵنیابن كە ئامۆژگاریتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە كە شیفابەخش و چارەسەرە بۆ نەخۆشی دڵ و دەروونەكان، وە هیدایەتبەخش و ڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران.

قُلْ بِفَضْلِ اللّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ (58)

بڵێ: (حەق وایە) بەفەزڵ و بەخشش و ڕەحمەتی خوایی (ئیمانداران) دڵخۆش بكەن (كە گرنگترینیان دینداری و ئیمان و باوەڕە)، وە هەر ئەوە چاكترە بۆیان لە هەموو ئەو شتانەی كە خەڵكی خەریكن كۆی دەكەنەوەو كەڵەكەی دەكەن (چونكە سەربەرزی دنیاو پاداشتی نەبڕاوەی قیامەتی لەدوایە).

قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا أَنزَلَ اللّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلاَلًا قُلْ آللّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللّهِ تَفْتَرُونَ (59)

بڵێ: باشە پێم بڵێن: ئێوە چۆن لە خۆتانەوە ئەو ڕزق و ڕۆزیەی کە خوا پێی بەخشیون دابەشی دەکەن هەندێکی بە حەرام دەزانن و هەندێکی بە حەڵاڵ، پێیان بڵێ: ئایا خوا خۆی مۆڵەتی ئەو کارەی پێ داون، یاخود لەخۆتانەوە شت بەدەم خواوە هەڵدەبەستن؟!

وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَشْكُرُونَ (60)

باشە، ئاخۆ لە ڕۆژی قیامەتدا گومانی ئەو کەسانە چۆنە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن، (ئایا وا دەزانن لێپرسینەوە نیە؟) بەڕاستی (لەگەڵ لاری زۆربەی خەڵکیدا) خوا هەر خاوەنی فەزڵە بەسەریانەوە، هەرچەندە زۆربەیان سوپاس ناپەرێزو بێ ئەمەکن.

وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُو مِنْهُ مِن قُرْآنٍ وَلاَ تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلاَّ كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاء وَلاَ أَصْغَرَ مِن ذَلِكَ وَلا أَكْبَرَ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (61)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم) تۆ بە هیچ کارێک هەڵناسی، هیچ بەشێك لە قورئان ناخوێنیتەوە (کە ئێمە ئاگادار نەبین، ئێوەش ئەی خەڵکینە) بەهیچ هەڵسوکەوتێك هەڵناسن کە ئێمە شایەت نەبین بەسەریەوە لەکاتی ئەنجام دانیدا، وەهیچ شتێك لە پەروەردگاری تۆ، ون نابێت لەپارچە ئەتۆمێکەوە بگرە لە زەوی یا لە ئاسماندا، بچوکتر بێت یا گەورەتر، کەلە دۆسیەیەکی تایبەتدا لای ئێمە تۆما نەکرابێت.

أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (62)

ئاگادار بن کە بەڕاستی چاکان و خۆشەویستانی خوای میهرەبان نە ترس و بیم ڕوویان تێ دەکات (لە سەرەمەرگ و لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا)، نە

غەم و پەژارەو دڵتەنگی (بەڵکو فریشتەکان بەڕوو خۆشیەوە مژدەی سەرفرازی و خۆشنوودیان دەدەنێ).

الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ (63)

(ئەو بەختەوەرانە) ئەوانەن (کە لەدنیادا) باوەڕی بەتین و دامەزراوو پڕ سۆزیان هەبووە بە پەروەردگاریان، وە پارێزکارو خواناس بوون.

لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَياةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (64)

(هەروەها) مژدەی (کامەرانی و بەختەوەری) لەژیانی دنیاشدا وەردەگرن (وەکو خەونی خۆش و مژدەی بەهەشت و ڕەزامەندی خوا لەسەرەمەرگدا)، لە قیامەتیشدا (مژدەکان بەزیادەوە دێنە دی)، بێگومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەر دێنە دی و گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڕاستی ئائەوەیە سەرفەرازی و کامەرانی گەورەو مەزن و بێ ئەندازە.

وَلاَ يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّ الْعِزَّةَ لِلّهِ جَمِيعًا هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (65)

گوفتاری (نابەجێ و نادروستی خوانەناسان) خەفەتبارو غەمگینت نەکات چونکە بەڕاستی عیزەت و بەرزی و بڵندی هەر هەمووی بەدەست خوایە، بەڕاستی ئەو زاتە بیسەرو زاناشە.

أَلا إِنَّ لِلّهِ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الأَرْضِ وَمَا يَتَّبِعُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ شُرَكَاء إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ (66)

ئاگاداربن کە هەرکەس و هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە خوا خاوەنیانە، ئەوانەی کە جگە لەخوا شتی تر دەپەرستن و پەیڕەوی ڕێبازی تر دەکەن (وە نەبێت شوێن ڕێبازێکی چاك کەوتبن) ئەوانە تەنها شوێنی گومان کەوتوون، وە ئەوانە جگە لەدرۆ هیچی تریان لەدەست نایەت.

هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُواْ فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ (67)

هەر زاتی خوایە کە شەوی کردووە بەهۆی حەوانەوەتان، ڕۆژیشی ڕووناك کردۆتەوە، (تا کارو کاسپی تیا ئەنجام بدەن)، بەڕاستی ئالەو دیاردانەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە (لەسەر دەسەڵات و توانایی پەروەردگار) بۆ کەسانێك کە گوێ بگرن و تێ بگەن.

قَالُواْ اتَّخَذَ اللّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ هُوَ الْغَنِيُّ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَات وَمَا فِي الأَرْضِ إِنْ عِندَكُم مِّن سُلْطَانٍ بِهَذَا أَتقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (68)

(خوا نەناسان) دەڵێن: خوا کوڕی هەیە، پاکی و بێگەردی و ستایش شایستەی ئەو زاتەیە، ئەو خوایە بێ نیازە (پێویستی نە بەکوڕ هەیەو نەبە کچ)، هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە هەر ئەو زاتە خاوەنیانە، بێگومان هیچ بەڵگەو نیشانەیەکتان نیە بۆ ئەم (بوختانە ناڕەوایە)، ئایا شتێك هەڵدەبەستن بۆ خواو (بێ باکانە) دەیڵێن کە هیچی لێ نازانن و هیچ بنەمایەکی نیە؟!

قُلْ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ (69)

(ئەی پێغەمبەر تۆ) بڵێ: بەڕاستی ئەوانەی درۆو بوختان بۆ خوا هەڵدەبەستن، هەرگیز سەرفەراز نابن.

مَتَاعٌ فِي الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ الْعَذَابَ الشَّدِيدَ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ (70)

(بەڵکو هەموو دەستکەوتەکەیان) ژیانی دنیاو ڕابواردنی دنیایە، لەوەودوا گەڕانەوەیان بۆلای ئێمەیە ئەوسا سزای بەئێش و تاڵاوی توندو بەهێز دەکەین بە گەروویاندا لەئەنجامی بێ باوەڕیاندا.

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُم مَّقَامِي وَتَذْكِيرِي بِآيَاتِ اللّهِ فَعَلَى اللّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُواْ أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءكُمْ ثُمَّ لاَ يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ اقْضُواْ إِلَيَّ وَلاَ تُنظِرُونِ (71)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) بەسەرهات و هەواڵی نوح بۆ ئەو خەڵکە بگێڕەوە، کاتێ کە بە قەومەکەی خۆی وت: ئەی قەوم و کەسم، ئەگەر ئێوە سەغڵەتن، بەدەست مانەوەی منەوە لەناوتاندا، وە یادخستنەوەی ئایەتەکانی خواتان لا گرانە (ئەوە دڵنیابن کە من کۆڵ نادەم) پشت بەخوا دەبەستم (لەو کارەم دا)، (ئیتر ئێوە چیتان لەدەست دێت درێغی مەکەن) خۆتان و بتەکانتان و هاوبیروباوەڕەکانتان بکەونە خۆ، پاشان بە ئاشکرا چی دەکەن بیکەن، هەرچیتان لەدەست دێت دژ بە من ئەنجامی بدەن و (منەتتان نەبێت)، مۆڵەتم مەدەن.

فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (72)

ئەگەر ڕوو وەردەگێڕن و باوەڕم پێ نەکەن (من پێـ سەیرە چونکە) من هیچ پاداشتێك و هیچ شتێکم لە ئێوە داوا نەکردووە، بەڵکو پاداشتم تەنها لەسەر خوایە، وە من فەرمانم پێ دراوە کە لە ڕیزی موسوڵمانانا بم.

فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ فِي الْفُلْكِ وَجَعَلْنَاهُمْ خَلاَئِفَ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنذَرِينَ (73)

(کەچی) بەدرۆیان خستەوە، ئێمەش نوح و هەموو ئەوانەی کە لەتەکیدا بوون ڕزگارمان کردن و کردمانن بە جێنشین، وە هەموو ئەوانەمان نوقمی (ڕەهێڵ و زریانەکە) کرد، چونکە ئایەت و نیشانەکانی دەسەڵاتداریێتی ئێمەیان بەدرۆ خستەوە، دە تەماشاکەو سەرنج بدەو بزانە سەرئەنجامی ئەو کەسانە چۆن بوو کە ئێمە هەوڵماندا بێداریان بکەینەوە.

ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِ رُسُلاً إِلَى قَوْمِهِمْ فَجَآؤُوهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ بِهِ مِن قَبْلُ كَذَلِكَ نَطْبَعُ عَلَى قُلوبِ الْمُعْتَدِينَ (74)

پاشان دوای نوح، پێغەمبەرانی ترمان نارد بۆ سەر قەومەکانیان، بەڵگەو نیشانەو (معجزة)ی زۆریان نیشان دان، ئیتر ئەو خەڵکە وەنەبێت باوەڕ

بێنن بەو ئاینەی کە پێشتر باوەڕیان پێی نەبوو، ئا بەو شێوەیە ئێمە مۆر دەنێین بەسەر دڵی دەستدرێژکاراندا.

ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى وَهَارُونَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ بِآيَاتِنَا فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ (75)

لەوەودوا دوای ئەوان موساو هارونمان ڕەوانە کرد بۆ فیرعەون و دارودەستەکەی، هاوڕێ لەگەڵ (معجزة)ی زۆردا کەچی ئەوان خۆیان بە گەورە زانی و بڕوایان پێ نەکردن، ئەوانە کەسانێکی تاوانبارو گوناهباربوون.

فَلَمَّا جَاءهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُواْ إِنَّ هَذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ (76)

کاتێ کە حەقیقەتیان لەلایەن ئێمەوە (لەڕێگەی موساوە) پێگەیشت وتیان: ئەمە هەر جادوویەکی ئاشکرایە!!

قَالَ مُوسَى أَتقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءكُمْ أَسِحْرٌ هَذَا وَلاَ يُفْلِحُ السَّاحِرُونَ (77)

موسا پێی وتن: باشە ئێوە بەم حەقیقەت و ڕاستیەی کە بم هێناون دەڵێن (جادوو)؟! ئایا ئەم (معجزة) جۆراوجۆرانە جادون؟!! خۆ جادوگەران سەرفەراز نابن.

قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا وَتَكُونَ لَكُمَا الْكِبْرِيَاء فِي الأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ (78)

(فیرعەون و دارودەستەی) وتیان: باشە تۆ بۆ ئەوە هاتوویت کە وێڵمان بکەیت لەو (بیروباوەڕو بەرنامەی) کە باوانمان لەسەری بوون و لەوانەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، (وە بەم ڕێبازە) دەتانەوێت دەسەڵاتداری و گەورەیی بۆ خۆتان لەسەر زەویدا بۆ خۆتان بەدەست بێنن؟! ئێمە بڕوامان بە ئێوە نیە.

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ائْتُونِي بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ (79)

(ئینجا فیرعەون فەرمانی داو) وتی: ئادەی هەرچی جادوگەری زاناو شارەزا هەیە بۆم بێنن و بۆم کۆ بکەنەوە.

فَلَمَّا جَاء السَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَى أَلْقُواْ مَا أَنتُم مُّلْقُونَ (80)

کاتێ کە جادوگەران هاتن و (بڕیاردرا جادوگەریی خۆیان بنوێنن و (معجزة)ی حەزرەتی موسا بەتاڵ بکەنەوە) موسا پێی وتن: دەی چیتان هەیە بیخەنە ڕوو!!

فَلَمَّا أَلْقَواْ قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللّهَ لاَ يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ (81)

ئەوسا (جادوگەران، جادووی خۆیان نواند) موسا وتی هەرچی کردوتانەو نیشانی ئەو خەڵکەتان داوە هەمووی جادوەو هیچی تر، بێگومان خوا دوای تاوێکی تر پووچی دەکاتەوە، بەڕاستی خوا کردەوەی خراپکاران چاک و سەرکەوتوو ناکات.

وَيُحِقُّ اللّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ (82)

بەڵکو خوا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت بە فەرمان و ویستی خۆی هەرچەندە تاوانکارو تاوانباران پێیان ناخۆش بێت.

فَمَا آمَنَ لِمُوسَى إِلاَّ ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوْمِهِ عَلَى خَوْفٍ مِّن فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِمْ أَن يَفْتِنَهُمْ وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي الأَرْضِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الْمُسْرِفِينَ (83)

سەرئەنجام کەس باوەڕی بە موسا نەبوو جگە لە هەندێك لاوان (چونکە زۆربەی خەڵکەکە) دەترسان لە فیرعەون و داروودەستەی کە بەڵایان بەسەر بێنن و تووشی ئازارو ئەشکەنجەیان بکەن، بەڕاستی فیرعەون خۆی بەگەورەو بڵند دەزانی لەسەر زەویدا، بەڕاستی ئەو لەسنوور ترازابوو.

وَقَالَ مُوسَى يَا قَوْمِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ (84)

موسا بە قەومەکەی وت: ئەی قەوم و عەشرەتم ئەگەر ئێوە (بەڕاستی) باوەڕتان بەخوا هێناوە، دە ئیتر هەر پشت بەو ببەستن ئەگەر موسوڵمانن.

فَقَالُواْ عَلَى اللّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (85)

ئەوسا وتیان: ئێمە ئیتر هەر پشتمان بەخوا بەستووە، پەروەردگارا مەمانگێڕە بەهۆکاری سەرگەردانی بۆ قەومی ستەمکاران (کە هەم ئێمە ئازار بدەن هەم خۆشیان گوناهبار ببن و دوورکەونەوە لە ئیمان).

وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (86)

هەروەها بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت (دەرووی خێرمان لێ بکەرەوە) ڕزگارمان بکە لە دەست هۆزو دەستەی بێ باوەڕان.

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَاجْعَلُواْ بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (87)

پاشان ئێمە وەحیمان نارد بۆ موساو براکەی لە میسردا چەند ماڵێك هەڵبژێرن، وە ئەو ماڵانە بکەنە شوێنی خواپەرستی، وە پێمان وتن نوێژەکانتان (لە ماڵەوە) بەچاکی ئەنجام بدەن، مژدەش بدە بە ئیمانداران.

وَقَالَ مُوسَى رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالًا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُواْ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ (88)

(جا کاتێ کە ستەمی فیرعەون لەسنوور دەرچوو) موسا وتی:
پەروەردگارا بەڕاستی تۆ لەژیانی دنیادا (نازو نیعمەت و ماڵ و حاڵ و جێگەو ڕێگەی) خۆش و ڕازاوەت بەخشیوە بە فیرعەون و دارودەستەی، پەروەردگارائەو شتانە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕێبازو بەرنامەی تۆ وێڵ و گومڕابن، پەروەردگارا: ماڵ و سامانیان تەفروتونا بکە، دڵیان بگوشە (تا هەست بەخۆشی نەکەن)، (وا دیارە) ئەمانە باوەڕ ناهێنن هەتا تووشی سزاو ئازاری بەئێش نەبن.

قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلاَ تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ (89)

پەروەردگار فەرمووی: بێگومان دۆعای هەردووکتان (وا دیارە حەزرەتی هاروون بە کوڵ ئامینی کردووە) گیرایە، ئێوە بەردەوام بن لەسەر ڕێبازی ڕاست و دروستی هیدایەت، وە شوێن ڕێبازی ئەوانە مەکەون کە نەزانن و نەفامن.

وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْيًا وَعَدْوًا حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلِهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ (90)

ئەوسا نەوەی ئیسرائیلمان بەدەریادا پەڕاندەوە، فیرعەون و سەربازانی بۆ ستەم و دەستدرێژی شوێنیان کەوتن، تا ئەو کاتەی (کە ئاوەکە چووەوە باری ئاسایی خۆی) (فیرعەون) خەریك بوو دەخنکا (ئا لەو کاتەدا) وتی: وا ئیتر باوەڕم هێنا بەوەی کە هێچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێ هێناوە، وە من ئیتر موسوڵمان و ملکەچ و فەرمانبەردارم.

آلآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ (91)

(ئەوسا پێی وترا) ئایا ئێستە (باوەڕ دێنی) لەکاتێکدا کە پێشتر یاخی بویت و لە ڕیزی تاوانبارو گوناهکاراندا بویت.

فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ (92)

ئەمڕۆ ئیتر لاشەی تۆ ڕزگار دەکەین تا ببیتە (معجزة) و پەندو ئامۆژگاری بۆ کەسانی تر (دیارە خوای گەورە پاراستویەتی لەوەی کە ماسی بیخوات، شەپۆلی دەریا گەیاندویەتیە ڕۆخەکەی، تا ئەوانەی کە بە خوایان دەزانی بە چاوی خۆیان ببینن کە فیرعەون ئادەمیزادێکە وەك ئەو خەڵکە، وە ببێتە پەند، بۆ هەموو پاشا و زۆردارەکانی سەر زەوی کە ئەوە سەرئەنجامی مسۆگەری هەمووانە)، بەڵام بەڕاستی زۆربەی خەڵکی لە ئایەت و (معجزة)کانی ئێمە غافڵ و بێ ئاگان.

وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ فَمَا اخْتَلَفُواْ حَتَّى جَاءهُمُ الْعِلْمُ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (93)

(لەوەودوا) ئێمە دەرووومان لە نەوەی ئیسرائیل کردەوەو شوێن و جێگەو ڕێگەی خۆشمان پێ بەخشین و لە ڕزق و ڕۆزیی چاك بەهرەوەرمان کردن (بەڵام ئەوان دینی خوا کە هۆی یەکبوون و یەکگرتوویيە) کردیانە هۆی دوبەرەکی و جیاوازی هەرچەندە زانست و زانیاریشیان لەو بارەیەوە هەبوو، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) داوەری دەکات لە نێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا لەو کێشەو شتانەی کە ئەوان جیاوازی و ناکۆکییان لەسەری هەیە.

فَإِن كُنتَ فِي شَكٍّ مِّمَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَؤُونَ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكَ لَقَدْ جَاءكَ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ (94)

ئەگەر تۆ (دەربارەی ئەو شتانەی کەبۆمان ڕەوانەکردووی لەبارەی نەوەی ئیسرائیلەوە) لە شك و گومانداى، پرسیار بکە لەو کەسانەی کە پێش تۆ لە (تەورات) شارەزان و دەیخوێننەوە (تۆ دڵنیابە) لە حەقیقەت و ڕاستەقینەت لەو بارەیەوە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ هاتووە، بە هیچ شێوەیەك گومانت نەبێت و مەچۆرە ڕیزی گومانداڕانەوە.

وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِ اللّهِ فَتَكُونَ مِنَ الْخَاسِرِينَ (95)

(هەروەها) نەکەیت بچیتە ڕیزی کەسانێکەوە کە باوەڕیان بە (معجزة) و نیشانەکانی (دەسەڵاتدارێتی) خوا نیە، (چونکە ئەگەر وابیت) دەچیتە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانەوە.

إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ (96)

بەڕاستی ئەوانەی (کە وەك فیرعەون و داردەستەی ستەمکارو تاوانبارو گوناهکارن) بڕیاردادەی پەروەردگارت لەسەر ئەوانە ئەوەیە کە: باوەڕ ناهێنن.

وَلَوْ جَاءتْهُمْ كُلُّ آيَةٍ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ (97)

ئەگەرچی هەرچی بەڵگەو (معجزة) هەیە بۆیان پێش بێت ئەوانە هەر (باوەڕ ناهێنن) هەتا سزای بەئێش و ئازار نەبینن و یەخەیان پێ نەگرێت.

فَلَوْلاَ كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ آمَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الخِزْيِ فِي الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ (98)

خەڵکی هیچ شارو شارۆچکەیەك نەبووە (بە یەک پارچەیی باوەڕ بێنن) وە ئەو باوەڕ هێنانەیان سوودمەند بێت بۆیان (وە سزای خوا لەسەریان هەڵگیرابێت) جگە لە قەومی یونس (علیه السلام) کاتێك کە باوەڕیان هێنا سزای سەرشۆڕیمان لەژیانی دنیادا لەسەر هەڵگرتن، وە تا ماوەیەك لە نازونیعمەتان بەهرەوەرمان کردن.

وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ (99)

خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (دەیتوانی بەزۆرو بەناچاری) هەر هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕ بێنن (بەڵام پەروەردگاری مەزن ڕێزی بۆ ئادەمیزاد داناوەو سەرپشکی کردووە)، ئایا تۆ (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) ڕەوایە زۆر بۆ خەڵکی بێنی هەتا باوەڕ بهێنن؟!

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ (100)

هیچ کەس بۆی نیە باوەڕ بێنێت (هەتا هەوڵ نەداو خۆی ماندوو نەکاو بیر نەکاتەوەو) ویستی خوایشی لەسەر نەبێت، وە سزای (توندو ڕیسواکەر) دەخاتە سەر ئەو کەسانەی کە عەقڵ و ژیریی بەکار ناهێنن.

قُلِ انظُرُواْ مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا تُغْنِي الآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ (101)

پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگەو نیشانەو (معجزة)کان سوودیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن و (ڕێبازی ئیمان ناگرنە بەر).

فَهَلْ يَنتَظِرُونَ إِلاَّ مِثْلَ أَيَّامِ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِهِمْ قُلْ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ (102)

(ئەو بێ باوەڕانە) چاوەڕێی چی دەکەن، مەگەر هەر چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە ڕۆژگارێکیان بەسەر بێنین وەک ئەوەی بەسەر ئەوانەی پێسیاندا هێنامان، بڵێ: ئێوە چاوەڕێ بن، منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ دەبم (بزانین خوای گەورە چیمان بۆ پێش دێنێت).

ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُواْ كَذَلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ الْمُؤْمِنِينَ (103)

لەوەودوا (کاتێ کە بڕیارمان دا خوانەناسان لەناوبەرین) پێغەمبەرانمان و ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ڕزگاریان دەکەین، هەر بەو شێوەیە کە بەئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئیمانداران ڕزگار بکەین.

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي شَكٍّ مِّن دِينِي فَلاَ أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ وَلَكِنْ أَعْبُدُ اللّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (104)

بڵێ: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لە ئاین و بەرنامەی من (ئەوە چاک بزانن) کە من هەرگیز ئەو شتانە ناپەرستم کە ئێوە جگە لەخوا دەیانپەرستن، بەڵکو ئەو خوایە دەپەرستم (کە مردنی ئێوەی بەدەستە) دەتانمرێنێت، وە من فەرمانم پێ دراوە کە لە دەستەی باوەڕداران بم.

وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (105)

(هەروەها) فەرمانم پێ دراوە کە ڕووم لە ئاین و دینداری بەوپەڕی ملکەچی و دڵسۆزییەوە وە پێم وتراوە کە، نەکەی لە دەستەی موشریکان بیت.

وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ (106)

وه هاناو هاوار نه‌به‌یت بۆ كه‌سێك یا شتێك له‌ جیاتی خوا كه‌ نه‌ قازانجت پێ بگه‌یه‌نێت نه‌ زه‌ره‌ر (چونكه‌ قازانڤ و زه‌ره‌ر هه‌ر به‌ده‌ست خوایه‌)، خۆ ئه‌گه‌ر كاری وا بكه‌یت ئه‌وه‌ ئیتر تۆ له‌ ڕیزی سته‌مكاراندایت.

وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلاَ رَآدَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (107)

(ئه‌ی ئینسان) ئه‌گه‌ر خوا تووشی ناخۆشی و زه‌ره‌رو زیانێكت بكات، ئه‌وه‌ كه‌س ناتوانێت فریات بكه‌وێت و دووری بخاته‌وه‌ لێت جگه‌ له‌و، یاخود ئه‌گه‌ر بیه‌وێت تووشی خێرو خۆشیه‌كت بكات، ئه‌وه‌ كه‌س ناتوانێت به‌ری فه‌زڵ و به‌خششی بگرێت، هه‌ركام كه‌ بیه‌وێت له‌ به‌نده‌كانی به‌هره‌وه‌ر ده‌كات (له‌ نازو نیعمه‌تانی بێ شومار) بێگومان ئه‌و زاته‌ زۆر لێ خۆشبوو و میهره‌بانه‌).

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُمُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَاْ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ (108)

(ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر صلی الله علیه وسلم) بڵێ: ئه‌ی خه‌ڵكینه‌ به‌ڕاستی حه‌قیقه‌تتان له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارتانه‌وه‌ بۆ هاتووه‌، ئه‌وه‌ی ڕێبازی هیدایه‌ت بگرێته‌ به‌ر ئه‌وه‌ (قازانجی) بۆ خۆیه‌تی و هیدایه‌ته‌كه‌ی بۆ خۆی سووده‌منده‌، ئه‌وه‌ش گومڕابێت ئه‌وه‌ گومڕاییه‌كه‌ی له‌سه‌ری ده‌كه‌وێت، وه‌ من لێپرسراوو چاودێر نیم به‌سه‌ر كارو كرده‌وه‌ی ئێوه‌وه‌.

وَاتَّبِعْ مَا يُوحَى إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّىَ يَحْكُمَ اللّهُ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ (109)

تۆ (ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر صلی الله علیه وسلم) هه‌ر شوێنی ئه‌و (به‌رنامه‌یه‌ بكه‌وه‌ كه‌ له‌ ڕێگه‌ی وه‌حی و نیگاوه‌ به‌ تۆ ده‌گات، وه‌ ئارامگرو خۆگربه‌ (له‌ به‌رانبه‌ر هه‌ر كێشه‌یه‌كه‌وه‌ كه‌ خوانه‌ناسان بۆت پێش ده‌هێنن) هه‌تا خوا خۆی داوه‌ری ده‌كات، وه‌ ئه‌و زاته‌ چاكترین و دادپه‌روه‌رترینی دادوه‌رانه‌.